www.kurdistannet.org

# ڕاگەیاندنی
# ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەم

بەمەبەستی ڕەخساندنی زەمینەیەکی تەندرووست بۆ نزیك خستنەوەی تواناکان و هەوڵدان بۆ درووست کردنی دیالۆگی زانستی لەمەیدانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیری دا، هەروەها بەمەستی سازدانی چالاکی هەمەڕەنگی ئەدەبی و هونەری و بەشداری کردن لەو ڕەوەندەدا کەئەمڕۆ بەچالاکیەکانی تاراوگە ناودێر دەکرێت. بەشێك لەتوانستە ڕۆشنبیریەکانی شاری ڤانکۆڤەر لەچەند دانیشتنێك دا باسمان لە گرنگیەکانی پێکهێنانی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری کرد کە بتوانێت هەوڵدانە جیاوازەکان بە جیاوازی جیهانبینی و تواناکانیانەوە لەپرۆژەیەکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە کەبتوانن داهێنان و دیالۆگەکانیان نمایش بکەن و دواجاریش ببنە بەشێك لەو کاروانە ڕۆشنبیریەی کەئەمڕۆ بەشکڵە هەمەجۆرەکانیەوە لە دەرگاکانی مەعریفە دەدات و مزگێنی فەرهەنگێکی پێشکەوتنخوازی لە دووتوێی داهێنانەکانیدا هەڵگرتووە.

هەرلێرەوە بانگێشتی ئەو هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کەپرسیار و گەڕان لەدووی بەرهەم هێنانی گوتاری داهێنەرانە بۆتە بەشێك لەخەم و خەون و خولیایان و لەم غوبارو تەمتومانەوە مۆمێکیان هەڵگرتووە و بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاودەنێن کەبێن لە سەرخستنی سەنتەردا بەشداری بکەن، تا لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا دەست بەجموجوڵێکی فەرهەنگی بکەین و ئاراستەی گوتارەکانمان لەسەنتەری ڕۆشنبیریەوە دەست نیشان بکەین.

سەنتەری ڕۆشنبیری سەردەم، وەك پرۆژەیەك لەڕێگەی چەند سیمینارو چالاکی هونەریەوە خۆی نمایش دەکات، جارێکی تریش بانگهێشتان دەکەین بۆ ئامادەبوون لەوچالاکیانەدا تا دیالۆگی ڕاستەوخۆ درووست بکەین چ سەبارەت بەچالاکیەکان و چ سەبارەت بە پرۆژەی ( پلاتفۆرمی سەنتەری ڕۆشنبیری سەردەم ) کە دەیخەینە بەردەستتان و چاوەڕێی پێشنیارو گفتوگۆکانی بەڕێزتانین بۆ دەوڵمەندکردنی دەستورکاری سەنتەر.


**ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەم**

لەشاری ڤانکۆڤەر- کەنەدا

٢٠٠٢/٥/١٠

r_serdem@yahoo.com


Nawendi Roshnbiri Serdem